# ناساندنی کتێبی «فەلسەفەو فەیسبوک: رامانێک لە بوونێکی ئەندێشەیی»



**نەوزاد جەمال**

---

**ناسنامەی کتێب: فەلسەفەو فەیسبوک: دیاردەناسی بوونێکی ئەندێشەیی، نەوزاد جەمال، بڵاوکردنەوە ناوەندی رەهەند، سلێمانی ٢٠١٩**




**ISBN: 9786003262454**

**Website: www.kurdishbookhouse.com**

**Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ سەرەتا

### ✓ ناساندنی کتێبی «فەلسەفەو فەیسبوک: رامانێک لە بوونێکی ئەندێشەیی»

من لەم کتێبەدا باس لەباشەو خراپەی فەیسبوک ناکەم. واتە، ئامۆژگاری و رێنماییەک نییە کە خوێنەر بەکاری بهێنێت یان نا. بەڵکو، وەک توێژەرێک دەمەوێت چەند پرسارێک دەربارەی فەیسبوک و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆیەوە لەبیرکردنەوەو ئاگایی و نائاگاییماندا هاتۆتەئاراوە. فەیسبوک دیاردەو بابەتەکە بۆ فەلسەفاندن.

ئەمەش میتۆدی من لەنووسینەکەدا دیاردەکات کە دیاردەناسی فەیسبوکە. کەناوم ناوە بوونێکی ئەندێشەیی. هەروەها هەوڵمداوە شێوازی نووسینەکە لەخوێنەری ئاساییەوە نزیک بێت، هاوکات قوڵبوونەوەی فەلسەفیی لەدەستنەدات. رەنگە، لەهەندێک جێگەدا زاراوەکان پێویستیان بەروونکردنەوەی زیاتر بۆ خوێنەر هەبێت. بەڵام نەمویستووە قەبارەی نووسین زیاتربێت. **دواجار من بەمیتۆدێکی فینۆمینۆلجی(دیاردەناسی)** توێژینەوەو دەفەلسەفێنرێت.

www.kurdishbookhouse.com

وەک بەکاربەرێکی فەیسبوک، لەماوەی ساڵانی رابووردوودا هەر لەدامەزراندن و کردنەوەی هەژماری تایبەتی خۆمەوە، فەیسبوک تاقیگەیەکی بەدواچوونی ئەو گۆرانکاری و ئاڵوگۆڕو تێگەیشتن و هەڵویست و رەفتاری بیرکردنەوەو لایک و کۆمینت بووە.

لێرەوە، ئەم بەرهەمە نوسینێکی نوێیە سەبارەت بە جیهان و کۆمەڵگای فەیسبوک. نووسەر لەم کتێبەدا هەوڵیداوە بەشێوازو میتۆدی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆجی) گەنگەشەی چییەتی و کاریگەرەکانی فەیسبوک بکات لەسەر بەکاربەرانی. لەوێدا نووسەر پێداگیری لەوە دەکات کە گۆڕانکارییەک لە دیدو رەفتاری مرۆڤی ئێمەدا هاتۆتەئاراوە: تاک و کۆمەڵ بەرەو ژینگەو دەوروبەرێکی فەیسبوک-دیجتاڵی- دەڕوات. ئەم بەرەوپێشچوونە لەهەموو کایەکاندا جا سیاسی، یان ئابوری و هونەری و هتد... دا رەنگدەداتەوە. لێرەوە، جیهانی فەیسبوک دەبێتە واقیعێکی تر لەپاڵ ئەو واقیعە رۆژانەیی راستەوخۆ سەروکارمان لەگەڵیدایە.

بۆیە، نووسەر لەرێگەی چەند چەمک و شرۆڤەیەکەوە لەدەرگای ئەو جیهان/ واقیعە دەدات و کۆمەڵێک تێزی نوێ لەوبارەوە دەخاتەڕوو، وەک چەمکی دەرەواقیع (ڤیرتوەل)، کۆمەڵگای ئەلتەرناتیڤ، جیهان دانپێدانان، کەسێتی و جوان و جەستەو بوونێک نوێ دەکات. هاوکات باس لە کاریگەرییەکانی فەیسبوک لەسەر سیاسەت، دیالۆگ و بەشداری سیاسی دەکات. لەچەند بەشی ئەو کتێبەدا باس لە 'گۆرانی چەمکی واقیع و سەرهەڵدان 'دەرەواقیع'، 'ئەودویکردنی ناخ'(واتە

ئەودیوکردنی رازەکانی نێوناخی مرۆڤ)، 'کۆمەڵگەی ئەلتەرناتیڤ' و زقکردنەوەی گروپ و بۆچوونەپەراوێزکراو و رادیکاڵەکان بۆ سەنتەر. چەمکی سیاسەت و وتویژو رادەربڕین، هاوڕێیەتی باسکروان. هەروەها بەشیک باس لەچارەنووسی نووسین و خویندنەوە، جوانی، پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان باسدەکات.

بەدەربڕینێکی تر، ئەم بەرهەمە جەخت لەوە دەکات کە فەلەسەفە دەتوانیت پەیوەندییەک لەگەڵ ئامرازێکی وەک فەیسبوکدا دروست بکات. کەواتە، فەلسەفاندنی فەیسبوک، واتە پەردەلادان لەسەر ئەو رەهەندانە (ژینەکی، بوونەکی و دیاردەکی) کە لەبەکاربردنی رۆژانەدا، تەنها بایی ئەوەندە دەزانین کە لەنێو دیاردە یان ئەو پانتاییە نوێیە داین. بەڵام، زاینی تێوریمان لەبارەیەوە نییە. ئیدی ، فەلسەفەی فەیسبوک، واتە چوونەدەر لەو ئاستە ساکارەی بەکارهێنانی رۆژانەو شرۆڤەکردنی خۆی بێۆئەوەی سەرقاڵی بین پێوەی.

**ناونیشانەکە:**

رەنگە ئەم ناونیشانە کەمێک سەیر یان بەجۆرێک تەنها گەمەیەکی زمانی بێت بۆ راکێشانی خوێنەر. یان تەنها خالی هاوبەشی نیوان فەلسەفەو فەیسبوک هەردوو پیتی سەرەتا "فە"یە بێت. ئەگینا فەیسبوک هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەفەلسەوەو فەیلەسوفانەوە نییە. فەیسبوک ئامرازێکی بەکارهاتووی رۆژانەیەو راستەوخۆ سەرۆکاری لەگەڵ فەلسەفەدا وەک بوارێکی باڵای بیرکردنەوەو لێکدانەوە نییە.

www.kurdishbookhouse.com

ئەم ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک ڕاستە. بەڵام پەیوەندی فەلسەفە بەفەیسبوکەوە بۆخۆی پرسیارێکی فەلسەفییانە هەڵدەگرێت. فەلەسەفە دەتوانیت پەیوەندییەکە لەگەڵ ئامرازی وەک فەیسبوکدا بکاتە بابەتی خۆی. لەچەند ڕەهەندوو ڕوویەکەوە فەلسەفە لەم بەرهەمەدا لە فەیسبوک دەکۆڵێتەوە:

- **وەک پانتاییەکی ژیانەکی:** فەیسبوک لەنێو ژیانی، ئەگەر نەڵێم هەمووماندا، ئەوا لەنێو ژیانی زۆربەماندا هەیە و ڕۆژانە پێوەی سەرقاڵین. جەنگی لایک و لێشاوی وێنەو باسە شێرکراوەکان، دیمەنی ڕاستەوخۆی ئەم جیهانی فەیسبوکەیە. بۆیە، فەیسبوک ژیانی ئێمەی داگیرکردووەو شتەکانی ڕۆژانە لەوێدا ڕەنگدەدەنەوەو جارێکیتر بەرجەستەدەبنەوە.

وابەستەبوونی ژیان و چیرۆکەکانمان لەوێدا، ئیتر وەکئەوەیە ژیانی ڕۆژانەمان بەشێکی دانەبڕاوبێت لەتۆڕەکان نەک بەپێچەوانەوە. واتە، هاوکێشەی ژیان گۆڕاوە: لەجیاتی ئەوەی فەیسبوک بەشێک بێت لەژیانمان، ژیانی ڕۆژانەو چیرۆکەکانی بوونەتە بەشێک لێی.

لەبەرئەوە، چیتر واقیعیەتی-ڕاستی هەبوونی- فەیسبوک لەواقیعیەتی واقیع کەمتر نییە. فەیسوک واقیعێکە لەناوی ئەو واقیعە باوەی کە پێی ئاشناین دایە. بەڵام، کە دەچیتە ناو فەیسبوکەوە، وادەزان واقیع خۆی هەر لەوێدا هەیە نەک لەدەرەوە!

www.kurdishbookhouse.com

چونکە، ئەوەی هەیە، روودەدات و باسدەکرێ، جارێکتر لەفەیسبوکدا دەبێتەوە بەواقیعێکی بەرچاوو ئەندێشەیی. ئیدی، ئەوە واقیعی ژیانی رۆژانە نییە کە سیفەتی راستی و واقعیەت بەفەیسبوک دەدات. بەڵکو، ئەوە فەیسبوکە کە سیفەتی واقیعیەت بەژیانی رۆژانەمان دەداتەوە .

لەبەرئەوە، فەیسبوک پانتاییەک نییە لەوێ و دەرەوەی ئێمەدا، بەڵکو ئێرەو ئێستایە. واتە، ئێرەو ئێستا خۆی خزاندۆتە نێوییەوە. بۆیە، فەیسبووک ئێرەکانێیە نەک ئەوێیەکی دوورەدەست و دەرەهۆش و دەرەهەست و دەرەجەستە.

**- وەک پانتاییەکی بوونەکی(ئۆنتۆلۆجی): من ئۆنلاینم، ئیتر هەم**

لێرەوە، کۆجیۆتۆی "من بیردەکەمەوە" چیتر تاکە خەسڵەتی دەستنیشانکەری بوونی مرۆڤ نییە کە وەک 'دیکارت' پێیوابووە. بەڵکو، "لەسەرسەرهێڵبوون"، بوونی تۆ دەستنیشاندەکات. ئیتر ئێمە ناسنامەو کەسێتی و تەنانەت پێگەشمان لەوێوە وەردەگرین یان ئەدۆزینەوە یان برەوپێدەدەین. کەواتە گۆڕانێکی ئۆنتۆلۆجی لەئارادایە: واتای واقیع، کات و شوێن و 'بوون' گۆڕانی بەسەرداهاتووە. جیهان یان واقیع پاش فەیس و تۆڕەکانیتر، گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەخۆوەدیووە. ئیتر مامەڵەو سەروکارمان لەگەڵ



www.kurdishbookhouse.com

ڕووداوەکان، بابەت و کێشەکاندا، چیتر ڕاستەوخۆ و خۆبەخۆ نییە. نەخێر، ئیتر ئێمە لەڕێی فەیسبووکەوە پەرچەکردارو هەڵوێست دەنوێنین. ئەگەرچی ئەو واقیعە یان بوونە بەئەندێشەیی(واقیع مجازی فارسی) دادەنرێت. بەو پێیەی کە دەستکردی کۆمپیوتەرە. بەڵام دواجار ئەو دیوارو جیاکارییە لەنێوان واقیعی ڕۆژانەکی و واقیعی ئەندێشەیی لەفەیسبوکدا زۆر تەنک دەبێتەوە تاڕادەی تێکچڕژان.

- **وەک پانتاییەکی دیاردەکی:** کاتێک فەیسبوک دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ناوەندو رایەڵێک کە شوێنی قسەوباسەکانە. بەڵام، هاوکات قسەوباسیش زۆریش هەڵدەگرێت. لەبەرئەوە، دیاردەیەکە لەناو واقیعداو دواجار واقیع خۆی لەوێدا دەبێتە دیاردەیەکی بینراوەکی سەردەمەکە.

**سەردەمی پاشەکشەی وشە :**

دەکرێت سەردەمی فەیسبوک، بەسەدەی زاڵبوونی وێنەو دیمەنەکان دابنرێت. ئیدی، بەپلەی یەکەم 'بینین و بینراوێتی'. بەپلەدووەمیش بیستن و بیستراوێتی، هەوێنی بوونی مرۆڤەکان ئەم سەردەمە دەستنیشانکات. زۆرجار ئەو پێگەیەی کە "تۆیەک" لەژیانی ڕۆژانەدا

www.kurdishbookhouse.com

هەتە، ناکاتە هەمان پێگەو ناوبانگ کە لە تۆڕەکاندایەو بەپێچەوانەشەوە راستە.

بۆیە، فەیسبوک جیهانێکە بۆخۆی کەتێیدا جەنگی لایک و کۆمێنت، لێشاوی وێنەو بابەتەشێرکراوەکان، دیمەنی راستەوخۆی ئەم جیهانی فەیسبوکەیە. لەچەتەو مافیاوە، بۆ پیاوی ئایینی، سیاسی، نوسەر، هونەرمەند، هاولاتی ئاسایی، پالەوەان وەرزشەوان، میدیاکار، دکتۆرو پسپۆرو زاناو تاوانبارو هتد... چیتر لەوێدا لۆجیکی هەڵە/ راست، و چەوت و دروست پێوەرەکە نییە، بەئەندازەی ئەوەی چەندە تۆ بینراو بیستراویت. پێوەری ژمارەی لایک و سەردان و شەێر وێنە، بەوە هەڵدەسەنگێنرێت کە چەندە چیرۆکەکان چێژبەخشن، چەندە کاردانەوەو وروژاندن دروستدەکەن گرنگە.

لێرەوە، مادام مرۆڤ، خۆی بونەوەرێکی چیرۆکسازو داستانخوازە، هەموو رووداوێک لەژیانیدا بەشێوەی بەسەرهات و چیرۆک دەگێڕێتەوە. لەم سۆنگەوە، فەیسبوک دەبێتە سەکۆیەکی کاراو ئامادەی بڵاوبوونەوەی. بۆیە، ئایینەکان، ئایدۆلۆجیاو ئینتمای خێڵ و ناوچەو پێگەو پلەوپایەو هتد، هەموویان چیرۆکی رۆژانەی ئێمەن کە لە پانتایی فەیسبوکدا دەبیسترێن و دەبینرێن. هەڵبەت، فەیسبوک ئەو سەکۆ کاراو خێراو بەناوخۆڕایی و بێسانسۆرەی (بەمانای ئەوەش نییە خاڵییە لە کۆمەڵێ رێساو کۆدی بەکارهێنان) بۆ ملیۆنەها کەس لەسەرتاسەری زەویدا رەخساندووە.

www.kurdishbookhouse.com

بەڵام، لەبەرئەوەی هەموو هەواڵ و رووداوێک لەتۆڕەکاندا بروسکەئاسا بەخێرای دێن و ئاوادەبن، لەدایکبوون-هاتنەبوون لەوێدا واتە یەکسەر مردن. هەموو هەواڵێ بەتاووگوڕێکەوە کە دێت یەکسەریش بەسەردەچێت. بۆیە، هەموو لەدایکبوونێک لەوێدا بەساتەوەختێ کۆن دەبێت و تیادەچێ! چونکە ملیۆنەها پەیام وەک بروسکە دێن و دەچن.

## فەیسبوک وەک کۆچکردنێکی سەرتاسەری:

فەیسبوک دیاردەیەکی جیهانی و پێشکەوتنێکە لەتەکنۆلۆجیای پەیوەندی و گەیاندندا کە زوو مرۆڤی ئێمەشی گرتەوە. ئەگەرچی ئێمەی وکورد کۆمەڵگایەکی مۆدێرن نین، چونکە، هێشتا بنەماکانی رۆشنگەری و پێشکەوتن و بیری زانستی و ئەقڵانی ژیانی مرۆڤ ئیمە ئاڕاستەناکات، وەلی، کۆمەڵگایەکی تەواوو کتومت نەریتیش نین. بەڵکو، وەرگری کەرەوسەرەو ئامرازو ئامێرەمۆدێرنەکانین. ئەمەش ئەنجامی کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەو پەلهاویشتنی تەکنۆلۆجیای نوێیە بۆناو جوگرافیای کولتوریمان. لەبەرئەوەی، تەکنۆلۆجیای نوێ، واتە بەزاندنی سنوورەداخراوەکانی نەتەوەو زمان و جوگرافیایە.

**بۆیە، ئێمە لەبەردەم شەپۆلێکی نوێی کۆچێکی سەرتاسەریدان بۆ نێو ئەو جیهانە.** پێدەچێت بەهاتنی تۆڕەکان، کۆچێکی بەکۆمەڵمان بۆ نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کردبێت. ئیدی، هەموومان لەوێداین.



www.kurdishbookhouse.com

لێرەوە، چیتر جیهان نەک هەر گوندێکی بچووک نییە، بەلکو لەسایەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە، جیهان بۆتە گوندێکی فەیسبوکی. لەبەرئەوە:

- ئێمە بۆ ناوتۆڕەکان رەوێکمان کرد.

- تۆرەکان لەواقیعدا بوونەتە راستییەکی داسەپاو.

- ئێمەش لەناو تۆڕەکاندا جۆرەواقیعێکیترمان سازکردووە.

www.kurdishbookhouse.com

لەئاکامدا، چەمکی واقیع گۆڕا. چونکە، لەهەردوولاین، لەئەودوو دیوەداین. واتە، ئەو دووجیهانە ئەوەندەبەیەکداچوو و تێکەڵاون کە تارادەیەک لای تاکەکان لەهەست و نەستەکانیاندا جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. لەبەرئەوە، چیتر واقیعەتی فەیسبوک لەواقیعەتی واقیع کەمتر نییە. فەیسوک واقیعێک لەناوی ئەو واقیعە باوەی کە پێی ئاشناین دایە. بەلام، کە دەچیتە ناو فەیسبوکەوە، وادەزانیت واقیع خۆی لەوێدایە.

چونکە، ئەوەی هەیە، روودەدات و باسدەکریت جارێکتر لەوایدا دەبیتەوە بەواقیعێیکی ئەندێشەیی. ئیدی، ئەوە واقیعی ژیانی رۆژانە نییە کە سیفەتی راستی و واقیعەت بەفەیسبوک دەدات. بەڵکو ئەوە فەیسبوکە کە واقیعەت بەژیانی رۆژانەمان دەداتەوە.

لەبەرئەوە، فەیسبوک پانتاییەک نییە لەوێدا، بەڵکو ئێرەو ئێستایە. واتە، ئێرەو ئێستا خۆی خزاندۆتە نێوییەوە. بۆیە، فەیسبووک

ئێرەکانێیە نەک ئەوێیەکی دوورەدەست و 'دەرەهۆش' و 'دەرەهەست' و 'دەرەجەستە.

■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com